# کەی جەنگی ئەمریکا و ئێران دەقەومێ؟

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بەردەوام دەکرێ، بەردەوام شرۆڤەی جۆراوجۆر دەبینرێ، مانشێتەکان بەو گوتە و پرسیارە دەڕازێنرێنەوە و دەکرێن، هەندێکیان بۆ مارکێتینگی سایت و میدیا و هەندێکی تریشیان بەجددی بە دوای وەڵامەکەیدا وێڵن و، دەگەڕێن تا بگەنە ئاکامێک؛ ئاخر ناکرێت دوو دەوڵەت بەردەوام هەڕەشە لە یەکتر بکەن و هەندێ جاریش هێز بەرانبەر یەکدی بەکار بهێنن، بوترێ هیچیان نایانەوێ بچنە ناو جەنگەوە و، تەنیا ئەوەندەیە کە بە هەندێ گرووپ و ڕێکخراوی چەکدار داخی خۆیان بەرانبەر یەکدی خاڵی دەکەنەوە. هەندێکی تریش وای بۆ دەچن کە ڕاستە ئەو دوو هێزە دژی یەکدین، بەڵام دەرەنجام لە ستراتیژییەتی خۆیاندا وەک دوو دوژمنی هاوپەیمان دەردەکەون. هەندێکی دیش زۆر ڕاشکاوانە باس لەوە دەکەن، کە مەبەستی ئەمریکا ڕادەستکردنی ناوچەکەیە بە ئێران و ڕووسیا و چین؛ بۆ ئەو مەبەستەیش لەو ڕێگەیەوە دەیەوێ ئێران زیاتر بەهێز بکات و هەژموونی بەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکێشێ. کۆرکەر کە باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە ئەفغانستان هەمیشە دەیوتەوە: هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی بۆ نەبراوە، کە پێشتر هەماهەنگی لەگەڵ ئێران نەکرابێ. لەو بارەیەشەوە لەلایەن لێکۆڵەر و بەرپرسانی ئەمریکییەوە ڕەخنە و گازەندە لە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر خراوەتە ڕوو؛ تەنانەت هەندێکیان گەیشتوونەتە ئەو بەرەنجامەی کە ئەگەر ئەمریکا بەو دۆخەوە بەردەوام بێت، ئەوا لە سەرکردایەتیی جیهان دەکەوێت و چین و ڕووسیا شوێنی دەگرنەوە، بەتایبەت لە شوێنە ستراتیژییەکانی دونیا.

**ئێران بۆچی داشی سوارە؟ دڵی بە چی خۆشە؟**

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەبێ وەڵام بدرێتەوە؛ چەپۆکوەشاندن، بۆردوومان، چاوسوورکردنەوە، کوشتن، وێرانکاری، هەڕەشە، هەموویان هیچ بەرەوهەڵکشانێک نابینن، ئایا نهێنییەکە لە کوێیە و چییە؟ ئایا ئەمریکا لە جەنگ دەترسێ و ناتوانێ ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە؟ یان ئێران هەندێ هەڕەشە دەکات و لەلایەن گرووپە وەلائییەکانییەوە چەند هێرشێک دەکات و زوو فریای ئەوە دەکەوێ دۆخەکە هەڵنەکشێ و گوتارێکی میانڕەوانە دەخاتە ڕوو؛ لە لایەک بۆ ئەوەی خۆی لە جەنگ بپارێزێ و لە لایەکی تریشەوە دەرچەیەک بۆ ئەمریکا دروست دەکات تا دەرفەتێکی هەبێ بە عارەقەی ناوچەوان لە پەرچەکردارێکی توند لە دژی ئێران و گرووپە وەلائییەکان خاو بکاتەوە؛ لەو حاڵەتەیشدا ئێران براوەیە و ئەمریکاش هەڵوێستی نەرم دەنوێنێ. کەواتە ئێرانیش تەنیا سیاسەتی شەکەتکردنی ئەمریکای هەیە و هیچ مەبەستێکی جەنگی لە دوا نییە. بەڵام وەڵامی پرسیارەکە هەر ماوە: بۆچی ئێران لە قەومانی جەنگ ناترسێ و زۆر بێباکانە مامەڵە دەکات؟ بۆ ئەو وەڵامە، پێویستە ئاماژە بە چەند ڕەهەندێک بکەین، لەوانەیش:

- سیستەمی حوکمڕانی لە ئێران تەواو لەو ڕاستییە حاڵی بووە، کە تا ئێستا ئەمریکا هیچ ئەلتەرناتیڤێکی بۆ حوکمڕانیی ئێران دوای "خامەنەیی" پێ نییە، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش لای ئەمریکا نەگەیشتۆتە ئاستێکی پێگەیشتوو کە ئەمریکا بتوانێ پشتی پێ ببەستێ، خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانیش لای ئەمریکا تەنیا بۆ گوشار و خەریککردنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە و

مەبەست لێی ڕووخانی ئەو ڕژێمە نییە. هەر بۆیە ئەمریکییەکان زۆر ڕاشکاوانە ئەو پەیامەیان بە جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران گەیاندووە، کە هیچ نییەتێک لای ئەمریکا نییە سەبارەت بە ڕووخاندنی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران. هەر بۆیە خۆپێشاندانەکان بێ پشتیوانیی نێودەوڵەتی مانەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاریگەری و ژمارەیان کەم بووەوە و دواتر لەلایەن دەسەڵاتەوە دامرکێندرانەوە. با تەنیا ئەوەندە بڵێین کە ئایا لە هیچ حاڵەتێکدا گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سیاسیی ئێراندا ناکرێ؟ ئەگەر وەک گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە تەواوی سیستەمەکە سەیر بکرێ، نەخێر هێچ پێشنیار یان پلانێک لە ئارادا نییە؛ چونکە ئەزموونی عێراق ئەو پەندەی بە ئەمریکا دا، کە گرفت ڕووخان یان لابردنی ڕژێمەکە نییە، بەڵکوو بەڕێوەبردنی قەیرانەکەیە لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتە سیاسییەکە. ئەوەیش لای ئەمریکییەکان سەلماوە کە پێکهاتە و دۆخی ئێران زۆر لەوەی عێراق دژوارترە و کۆنترۆڵکردنی کارێکی ئەستەم و مەحاڵە. ئەی گۆڕانکارییەکە ئەگەر ببێ، لە کام ئاستەدا دەبێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەمەیە: لاوازکردنی ئێران و نانەوەی ئاشوب و گۆڕینی ئەوانەی کە ئێستا لە دەسەڵاتن بە چەند کەسێکی دی، کە دواتر لەگەڵ ئەمریکا دۆست بن و بایەخ بە سیستەمی دیموکراتی بدەن بۆ ئێران. ئەودەمیش ئەوەندەی کە پێکهاتەکانی ئێران بەخۆیانەوە خەریک دەبن، ئەوەندە ئەجێندای دەرەکییان نامێنێ. کەواتە ئێرانییەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمریکییەکان تا ئێستا نە مەبەستی ڕووخانی دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانیان هەیە و نە ئەلتێرناتیڤیشیان بۆ ئەوان هەیە؛ تەنیا گوشارە و بەس.

- ئەمریکا لە سێ ئەزموونی سیاسی- جەنگیی خۆیدا (ڤێتنام، ئەفغانستان، عێراق)، ئەوەندە پەندی وەرگرتووە کە گەر بچێتە ناو جەنگی درێژخانەوە، بەسەلامەتی و سەرکەوتوویی لێی دەرناچێ. هەر بۆیە ئێرانییەکان لەوە دڵنیان کە ئەمریکا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر لەگەڵ ئێران بجەنگێ، ئەوا دەبێتە جەنگێکی سەرتاسەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، کۆنترۆڵکردنی ئەستەمە و بەرەنجامەکانیش دیار نین.
- ئێرانییەکان لەوە دڵنیان کە ئەمریکا هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەم لەسەر ئاستی هاوپەیمانەکانی، تا ئێستا ئامادەباشیی بۆ ئەو جەنگە نییە و خۆی لێ دەدزێتەوە و خۆی بەدوور دەگرێ، چونکە جەنگێکی پڕتێچوو دەبێ، لەسەر هەر سێ ئاستی: هاوپەیمانیی سیاسی، گیانی، ماددی. ئەو بارودۆخەیش هەر لە بەرژەوەندیی ئێرانە بۆ زیاتر هەژموون و تۆکمەکردنی خوی لە ناوچەکەدا؛ ئەوەی کە خۆیشی نەیتوانی، لە ڕێگەی گرووپە وەلائییەکانییەوە دەیکا.
- ئێرانییەکان بەوە کەیفخۆشن، کە ئەمریکا تا ئێستا نەیتوانیوە بەرەکی سیاسیی نێودەوڵەتی لە دژی ئێران بۆ جەنگ ئامادە بکات لەسەر هەرسێ ئاستی ئەوروپا و ناوچەکە و ئەنجومەنی ئاسایش. بە شێوەیەک نەک لەسەر ئاستی ناوچەکە پشتیوانی لەو ڕایە ناکرێ، بەڵکوو هەوڵی پشتکردنە ئەمریکاش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە ڕوولە زیادبوونە. تەنانەت ئەمریکا توانای سەپاندنی مەرجە ستراتیژییەکانی بەسەر هاوپەیمانییە دێرین و کلاسیکییەکانیشی نەماوە. لەسەر ئاستی ئەوروپاش، دەوڵەتانی ئەو کیشوەرە هێشتا نەگەیشتوونەتە بەرەنجامێک لە جەنگی ئۆکرانیا و ڕووسیا، تا خۆیان بدەنە بەر جەنگێکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مەودا و تێچوو و لایەنەکانی فراوانترن. کەواتە ئێران لەوەیشدا لە دەستەوەستانی ئەمریکا باش حاڵی بووە، کە مامەڵەی ئەمریکا لە سنوور و ئاستی هەڕەشە و هەندێ لێدان لە بارەگای گرووپە وەلائییەکانی، زیاتر تێ ناپەڕێ و بەرەنجام هەر ئەو بەهەژموونتر و تۆکمەتر دەبێ.
- ئەوەندەی کە ئێران لەسەر ئاستی ئاسۆیی توانای جووڵەی دیپلۆماسی و سەربازی هەیە لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەندە ئەمریکا توانای جووڵەی ئازادی نییە. هەرچەندە ئەمریکا هێزی زۆرە لە ناوچەکە، بەڵام تەنیا لە دەریا و لە هەندێ شوێنی عیراق و سووریا توانای جووڵەی هەیە؛ هێزەکانی تری لە کەنداو، پەیوەستن بە سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەوە کە نایانەوێ بکەونە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران. بەمەش ئەمریکا ناتوانێ تەنانەت هێزەکانی خۆیشی لەو دەوڵەتانەوە بەکار بێنێ. کەواتە ئەمریکا لە چوارچێوەیەکی تەسکتردایە لە بەرانبەر ئێران لە بواری بەکارهێنانی هێز و جووڵەی دیپلۆماسی، چونکە ئەوەی کە ئێران خۆی پێی نەکرێ، بە گرووپە وەلائییەکانی دەیکات؛ تەنانەت لە تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە و، خۆیشی بە بەرپرسیار نازانێ، بۆ نموونە ئەوەی ئوردن، سعوودیا و هتد. پانتاییەکەیش فراوانە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە تا دەگاتە دەریای ناوەڕاست و لەوێشەوە بۆ دەریای سوور و عەدەن و بابولمەندەب، تا دەگاتە دەریای عومان و کەنداو.

- ئێرانییەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمریکا لەم ئانوساتەدا توانای بەڕێوەبردنی جەنگێکی تری سەرتاسەریی نییە، هەر بۆیە خۆی لێ بەدوور دەگرێ و نایەوێ تێوە بگلێ. لەوەیش زیاتر، لەوە دەترسێ کە لە بەرەنجامدا تەنیا خۆی و بریتانیا لە جەنگەکەدا بمێننەوە؛ ئەوکاتیش دەبێ تەنیا لە دەریاوە شەڕ بکەن و هیچ وشکانییەکیان بەدەستەوە نابێ. بەڵام ئەو وشکانییەی کە ئێران بەدەستییەوەیە و تەڕاتێنی تێدا دەکات، زۆر فراوانە و بژاردەی زۆرتری لەبەردەمدایە. ئەوەیش وای کردووە کە ئێرانییەکان خۆیان وا دەبینن کە داشیان سوارە و ئەمریکا تەنیا هەڕەشە دەکات و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نییە و توانای بەڕێوەبردنی جەنگی لەگەڵ ئێران تەواو لاوازە.

کەواتە ئێرانییەکان قەناعەتیان وایە کە جەنگی نێوان ئەوان و ئەمریکا جارێ وادەکەی ماویەتی؛ نە ئەوان جەنگیان دەوێ نە ئەمریکا، تەنیا زیاتربوونی ئاشوبە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەویش لە بەرژەوەندیی هەردووکیاندایە. لەو نێوەندەیشدا تا قەومانی جەنگ دەتوانن چەند کارێکی ستراتیژیی باش بۆ خۆیان و گرووپە وەلائییەکانیان بکەن.

### ئەی ئێران مەبەستی چییە؟

ئێرانییەکان لە "بەڕێوەبردنی کات" لە سەردەمی قەیراندا گەلێک وریان؛ گەمە بە کات دەکەن لەگەڵ بەرانبەر، بۆ پێگەیشتن و دروستبوونی هاوکێشەی نوێ لە بەرژەوەندیی خۆیان. دەیانەوێ لە نزیکەوە لەگەڵ دوژمن و ڕکابەرەکانیان مامەڵە بکەن. ئەوان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە خۆبەدوورگرتن لە گوشارەکانی ئەمریکا لە بەرژەوەندیی ئەوان نییە. ئەوان دەتوانن بەرانبەر ئەمریکا چەند کارێک بکەن، لەوانە:

- شەکەتکردنی ئەمریکا بە هێرشەکانی وەلائییەکانی سەر بە خۆی، بێ ئەوەی هیچ لەسەر خۆی بکەوێ، یان ئەمریکا بوێریی ئەوەی هەبێ لێیان بدات. هەر بۆیە ئەوەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوزەر دەکا، ئەوەی لێ کەوتۆتەوە کە ئەمریکا لە بەردەم سێ سیناریۆدایە لە ناوچەکە بەرانبەر ئێران: یان بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ (کە ئەو بژاردەیەی ناوێ)، یان بەردەوامبوونی ئاشوب و ناسەقامگیری و جەنگی پرۆکسی، بەو شێوازەی کە ئێستا هەیە (ئەمەیش هەر لە بەرژەوەندیی ئێرانە)، یان ئەوەتا چۆڵکردنی ناوچەکە لەلایەن ئەمریکاوە (کە ئەوەیش بژاردەیەکی ئاسان نییە و لێکەوتەی زۆری دەبێت). کەواتە بە هەر سێ سیناریۆکە ئێران توانیویەتی ئەمریکا لە

ڕێگەی پرۆکسییەکانی خۆیەوە شەکەت بکات.

- ئێران بارودۆخێکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێناوەتە ئاراوە کە دووفاقییە؛ لەلایەک ئاشوب دەنێتەوە، لەلایەکی تریش جووڵە بەرەوپێشەوە دەکات، تا زیاتر خۆی قایم بکات و هەژموونی زۆر بێ. ئەگەر سەرنج بدەین، دوای ئەو هەموو گەمارۆ و گوشارانەی وڵاتانی ڕۆژاوا و ناوچەکە لەسەر ئێران، کەچی هەر بەرەوپێش دەچێ لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەژموونی ئەمساڵی لە پار زێترە. کەواتە سیاسەتی ئاشوبنانەوە و جووڵەی خۆیی بەرەوپێشەوە پیادە دەکات.
- ئێران توانیویەتی کە ئەمریکا بەخۆیەوە خەریک بکات، بەجۆرێک لەسەر ئاستی جەنگی ئۆکراینا و جەنگی پرۆکسییەکانی دژ بە ئەو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە جۆرێک کە وڵاتانی ڕۆژاوا کەمتر لە جاران باس لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە دەکەن، هەر بۆیە ئەو خەریککردنەی ئێران بۆ ئەمریکا وای کردووە کات و بوار بۆخۆی بڕەخسێنێ لە بواری دەرفەتی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و بالیستی و درۆندا، بە جۆرێک ئەوەندەی کە خەیاڵی وڵاتانی ڕۆژاوا لای درۆن و موشەکە بالیستییەکانی ئێرانە، کەمتر باس لە چەکە ئەتۆمییەکە دەکەن.
- ئەوپەڕی گوشارخستنەسەر ئەمریکا بۆ ئەوەی ئەمریکا مل بدا بە ڕێگەچارەی ئاشتی و سیاسی، گرفتەکانی لەگەڵ ئێران چارەسەر بکات، دوای هەڕەشەکانی وەڵامدانەوەی ئەمریکا بۆ هێرشەکەی، گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران بۆ سەر بنکەیەکی ئەمریکا لەسەر سنووری ئوردن، لەو بارەیەوە وەزیری دەرەوەی ئێران وەڵامی هەڕەشەکانی ئەمریکای دایەوە کە: پێویستە ئەمریکا واز لە زمانی هەڕەشە بێنێ، چونکە هیچ ئاکامێکی نەداوە بەدەستەوە بۆ ئەمریکا، با گرفتەکانمان بە ڕێگەچارەی سیاسی یەکلایی بکەینەوە.
- ئەو سیاسەتەی کە ئێران هەیەتی لە بەرانبەر ئەمریکا لە ڕێگەی خۆی و گرووپە وەلائییەکانییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەوەی کە توانیویەتی جۆرێک لە سەرشێوان و ئیستینزاف بۆ ئەمریکا بنێتەوە، بەوەی کە ئەمریکا زۆر خەریک کراوە بەو دۆخەوە و توانای بەڕێوەبردنی چەند بەرەیەکی قەیرانی لە هەمان کاتدا نەماوە؛ وەک ئۆکراینا و غەززە و نیمچەدورگەی عەرەبی، هەر بۆ ئەو مەبەستە پشتیوانیی چین و ڕووسیای بۆ خۆی بەدەست هێناوە و لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی پشتیوانی و کارئاسانی بۆ ئێران دەکەن، چونکە ئەو دۆخەی کە ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرکردایەتی دەکات، بۆتە مایەی کەمکردنەوەی گوشارەکانی ئەمریکا و ئەورووپا بۆ سەر چین و ڕووسیا.
- ئەمریکا نازانێ لەگەڵ کێ شەڕ بکات. بۆ بەرپەرچدانەوەی درۆنێکی ئێرانی، کە لەوانەیە تێچوویەکی کەمی هەبێ، دەبێ سەدان ئەوەندەی تێچووی ئەو درۆنە، لە خستنەخوارەوەیدا خەرج بکات. جەنگی پرۆکسیی ئێران دژ بە ئەمریکا بەرهەمێکی ئەرێنیی داوە بە ئێران و، ئەمریکاشی هەراسان کردووە؛ لە لایەک ئەمریکا ناتوانێ یاسای نێودەوڵەتی بەسەر ئێراندا جێبەجێ بکات و لە لایەکی تریشەوە ئەو گرووپانە چەند بە تیرۆریست ناوزەد بکات، ناتوانێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی شەڕیان لە دژ بەرپا بکات، چونکە ئەزموونەکە لەوەی ئەفغانستانی ساڵی 2001 جیاوازە؛ ئەوەی کە ئێستا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات حوکم دەکەن، لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە دەسەڵاتی شەرعین. کەواتە ئەمریکا لەو ڕووەیشەوە دەستی بەستراوە؛ تەنیا ئەوەی پێ بڕاوە، لێدانی هەندێ بارەگا و گەمارۆی ئابووریی چەند کەسایەتی و کۆمپانیایەکە، هەندێ جاریش ئەو کەسایەتییانە هیچ کاریگەر نین و کۆمپانیاکانی سزادراو لەلایەن ئەمریکاوە زۆر جاران وەهمی دەردەچن. بەڵام دەرکردنی سزاکان زۆربەی کات بۆ ڕازیکردنی ڕای گشتیی ناوخۆی ئەمریکایە؛ بەوەی

حکوومەتی ئەمریکا هەڵوێستی وەرگرتووە.

- ئێران بەهۆی ئەو هەموو گەمارۆ و گوشارانەوە کەوتۆتە ژێر سەقفێکی قورس و شەکەتبووەوە؛ بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەک، تین دەداتە خۆی بۆ سووککردن یان شەقکردنی ئەو سەقفە. لەو لایەنەیشەوە ساڵی 2023 لە ڕێگەی وڵاتی چینەوە توانیی هەندێ دەرچەی ناوچەیی لەگەڵ هەندێ وڵات بۆ خۆی بکاتەوە. کەواتە وڵاتانی ناوچەکە تا ڕاددەیەک بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە دژ بە ئێران پابەند نەبوون.
- ئێرانییەکان زۆر مەبەستیانە دیموکراتەکان لە هەڵبژاردندا سەرکەوتوو نەبن، چونکە ئەوەی کە لەوانەیە لە کۆمارییەکان بێتەوە، ترامپ،ە. ترامپیش دەتوانرێ وەک بزنسمانێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؛ باشترین نموونە کوشتنی قاسم سولەیمانی لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام دۆخەکە بەرەو خراپتر نەچوو.
- شەقکردنی یەکڕیزیی جیهانی عەرەبی دژ بە ئێران، بەوەی کە لە هەوڵدایە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەندێ وڵاتی عەرەبی ئاسایی بکاتەوە و لە دۆستایەتیی ئیسرائیل دووریان بخاتەوە، وەک سعوودیا بۆ نموونە.
- هەر لەوێوە ئێران پەیامێک بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و خودی دەوڵەتانی دۆستی دەنێرێ، بەوەی ئەگەر جەنگ بقەومێ، ئێوەیش دەکەونە بەر ڕەحمەتی مووشەکەکانمان و گرووپە پرۆکسییەکانمان. ئەمەیش بۆ تەواوی دەوڵەتانی نیمچەدوورگەی عەرەبی دروستە.

**ئەی ئەمریکا چیی مەبەستە؟**

ئەمریکا لە دۆخێکی ئاڵۆزدایە و، ستراتیژییەتێکی ڕوونی نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. نە ئەوەیە ئەکتیڤ بێ، نە ئەوەیە بەرەو کشانەوە بچێ. پێ دەچێ تواناکانیشی لە سەرکردایەتیی جیهان پێویستی بە پێداچوونەوە هەبێ؛ ئەمەیش گلەییی چەندان ناوەندی توێژینەوە و سیاسەتی ئەمریکییەکان خۆیانە. بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئایا چیی مەبەستە لەو جووڵانەی بەرانبەر بە ئێران:

- دەرخستنی مەترسیی ئێران بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەوە و وڵاتانی ئەورووپا. ئەمەیش بیانوویەک دەدا بەو دەوڵەتانە کە بەردەوام پێویستییان بە هێزی پارێزەری ئەمریکا بێ. لە لایەکی تریشەوە ئەو سیاسەتە دەبێتە هۆکار بۆ مانەوەی هێزەکانیان لە ناوچەکە لەسەر داوای دەوڵەتانی ناوچەکە خۆیان.
- هێشتنەوەی ناوچەکە و ئێران لە دۆخی ناسەقامگیریدا. گەرچی ئێران لەگەڵ ئەو دۆخە خۆی گونجاندووە، بەڵام دەوڵەتانی ناوچەکە ترسیان هەیە. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا ئەو دۆخە لە بەرژەوەندیی هەردوو لادایە: ئێران و ئەمریکا.
- جۆرێکە لە خۆگونجاندن لەگەڵ ڕووداوەکان تا هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا تێ دەپەڕن. هەر بۆیە لەوێوە ئێران گوشار دەکات و ئەوانیش بەرپەرچدانەوەیان توندتر دەبێت. بۆیە لە ئایندەدا توندییەکان بەرەو هەڵکشانێکی زۆر خراپ دەچن، بەڵام هیچ کامیان جەنگیان ناوێت.
- کەمکردنەوەی مەترسییەکان لەسەر هێز و بەرژوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل. بۆ ئەو مەبەستەیش بەردەوام لە هەوڵی خاپوورکردنی ژێرخانی هێزە پرۆکسییەکانی ئێران و هێزەکانی کۆماری ئیسلامییە لە سووریا.
- بەردەوامبوون لە لێدانی گرووپە پرۆکسییەکان تا ئەوپەڕی گوشار؛ بۆ ئەوەی واز لە جووڵەی

بۆردوومانکردنی هێزەکانی ئەمریکا بهێنن و ببنە هۆکاری وێرانکاری و خاپوور بۆ وڵاتەکانیان؛ جووڵەکانیان لەلایەن ڕای گشتیی وڵاتانی عێراق و لوبنان و یەمەن و سووریا بێئاکام ببینرێن، تا ئەو گرووپانە بە هۆکاری مەینەتییەکانیان وێنا بکەن.

▪ دروستبوونی جەنگێکی پرۆکسی لە نێوان ئیران و یەکێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە. ئێران لەو بوارەدا باش خوێندنەوەی بۆ دۆخەکە کردووە. تاکە دەرچە بۆ جەنگی پرۆکسی لەسەر ئاستی دەوڵەت دژ بە ئێران، تەنیا: پاکستان یان ئەفغانستان ماوە، بەڵام ئەگەرە زۆرەکە بۆ ئەفغانستانە. چوونەدەرەوەی ئەمریکا لەو وڵاتە و تەسلیمکردنی دەسەڵات بە تالیبان، لای ئێران وەک بۆمبێکی نەتەقیو وایە، کە دەبێ بە دەوڵەتێکدا بتەقێتەوە. لەو بارەیەوە ئێرانییەکان تەواو خۆیان دەپارێزن.

**ئایا خۆئامادەکردن بۆ جەنگ لە ئارادایە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە هیچ کامیان نیازی جەنگیان نییە؟**

وەڵامی ئەو پرسیارە "بەڵێ"یە. لە دوایین لێدوانیدا بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لەسەر ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕای گەیاند: دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر لە ساڵی 1973 مەترسیدارترە؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوام هێز و تەقەمەنی و فڕۆکەی F35 و پێداویستیی جەنگ لەلایەن ئەمریکا و هەندێ وڵاتانی ئەوروپییەوە دێتە ناوچەکە. کەواتە بونیادی جەنگ هەیە، ئامادەکارییشی بۆ دەکرێ؛ بەڵام کەی و لە کوێوە دەست پێ دەکات؟ جارێ دیار نییە.

**کەواتە کەی جەنگ دەقەومێ؟**

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، پێویستە سێ ڕەهەند ڕۆشن ببنەوە و زیاتر ببنە دیفاکتۆ، ئەودەم دەقەومێ، ئەوانیش:

▪ تەواوبوون و یەکلابوونەوەی جەنگی غەززە، بە هۆکاری سەربازی یان سیاسی؛ بەو شێوازەی کە هیچ مەترسییەکی بۆ سەر ئاسایش و دەوڵەتی ئیسرائیل نەبێ. ئەوەیش کاتی دەوێ. هەر بۆیە ئێران گوشارەکانی لەو بارەیەوە چڕ کردۆتەوە، تا بۆی ڕوون ببێتەوە کە ئایا نیازێک بۆ جەنگ لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپی و ئەمریکاوە دژ بە کۆماری ئیسلامی هەیە یان نا؟ ئەگەر هەیە، لە بەرژەوەندیی ئێرانە ڕووداوەکان پێش بخات، بە جۆرێک ئێستا جەنگ ئەگەر ڕوو بدا، لە بەرژەوەندیی ئێرانە نەک ئەمریکا، چونکە بە هیچ جۆرێک ناتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ و جەنگی ئۆکرانیاش یەکلایی نەبۆتەوە و غەززەش هیچ ئەنجامێکی بەدەستەوە نەداوە بۆ هیچ کام لە لایەنەکانی جەنگ.
▪ تا ئێستا ئەمریکا نەیتوانیوە بەرەیەکی هاوپەیمانی دژ بە ئێران دروست بکات، هەرچەندە خۆیشی بە شێوازێکی جددی ئەو هەوڵەی نەداوە؛ چونکە هیچ نیازێک لەلایەن ئەمریکاوە بۆ جەنگ لە ئارادا نییە. هەر کاتێک ئەمریکا کەوتە ئەو هەوڵە، ئەودەم جەنگ دەبێتە دیفاکتۆ و، ناتۆ دێتە ناو هاوکێشەکەوە.
▪ تا ئێستا ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی هیچ نیازێکیان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە ئێران نییە و هیچ ئەلتەرناتیڤێکیان نەدۆزیوەتەوە وەک شوێنگرەوە. هەر بۆیە لە نێوان دوو گۆڕاودا وەک شوێنگرەوە، مقۆ هەڵدەگرێ: ئایا هیچ کات مەبەستیانە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیستەمی حوکمڕانیی ئێراندا بکەن؟ ڕووداوەکان ئەوەیان سەلماند کە نیازێکی لەو شێوەیە لەلایەن وڵاتانی ناتۆوە نییە. گۆڕاوی دووەم، ئایا مەبەستیان نییە هیچ گۆڕانکارییەک لە سیستەمی حوکمڕانیی

ئێراندا بکەن، ئەگەر بۆیان بلوێ؛ بێ گومان هەیانە، ئەویش گۆڕانکارییەکی نیوەچڵە و لە خودی ڕەحمی کۆماری ئیسلامییەوە دەردەچێ؛ بەوەی جۆری سیستەمی حوکمڕانییەکە دەمێنێ، بەڵام ئەکتەر و کەسایەتییەکان دەگۆڕێن و نەهجێکی کراوە و دیموکراسی پەیڕەو دەکەن. کەواتە لەسەر وادەی دەستپێکردنەکە دوو ستراتیژییەتی جیاواز هەیە بۆ جەنگ لە نێوان ناتۆ و ئێران، بەڵام جەنگ هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو دەدات، حەز بکەین یان نا.

- هەر کاتێک دەوڵەتی ئیسرائیل چووە جەنگەوە لەگەڵ دەوڵەتێکی هاوپەیمانی ئێران یان خودی دەوڵەتی ئێران، لەو کاتەدا ئەمریکا و ناتۆ بە ناچاری دەبنە لایەن و پشتیوانی ئیسرائیل، چونکە شەڕکردن دژی ئیسرائیل لەلایەن هەر دەوڵەتێکەوە بەپێی هاوپەیمانیی ستراتیژیی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل کە لە ساڵی 1983دا مۆر کراوە، ئەو مەبەستە دەدا بەدەستەوە؛ واتە وەک ئەوە وایە دژ بە ئەمریکا بێت. ئیسرائیل نیازی تێوەگلاندنی ئەمریکا و ناتۆی لە جەنگ دژی ئێران هەیە، بەڵام تا ئێستا مل نەدراوە بۆ ئەو بژاردەیە لەلایەن ئەمریکا و ناتۆ.

**ئەگەر جەنگ قەوما، لە کوێوە دەست پێ دەکات؟**

لەو بارەیەوە جیاوازی لە نێوان ئەمریکا و ئێران هەیە، کە لە کام گۆڕەپاندا بەیەکدا بدەن، ئەویش لەسەر بنەمای سێ سیناریۆ:

- ئایا جەنگ لەگەڵ ئێران ڕاستەوخۆ دەقەومێ؟ وەڵامەکە تا ئەم ساتە "نەخێر"ە، نەک ئێران مەبەستی نییە، بەڵکوو ئەمریکا و ناتۆ ئامادەی ئەو جەنگە نین. ئەزموونی عیراق و ئەفغانستان پەندی زۆر دەدەن، بەوەی کە بردنەوەی جەنگ لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە ئاسانە، بەڵام بەڕێوەبردنی قەیران لە دوای جەنگ ئاسان نییە. کەواتە ئەم سیناریۆیە لای هیچ کامیان لەم ساتەوەختەدا بیری لێ ناکرێتەوە.
- ئایا جەنگ لە عێراقەوە دەست پێ دەکات؟ وەڵامەکە بۆ ئێران "بەڵێ"یە، بەوەی ئەگەر جەنگ لەگەڵ ئەمریکا ڕوو بدا، لە عێراقەوە دەست پێ بکات؛ چونکە بەئاسانی دەستی پێی ڕادەگات و لە مەودای نفووز و هەژموونی نزیکی خۆیدایە و دەتوانێ لەلایەن گرووپە وەلائییەکانەوە ئەمریکا لە عێراق هەراسان بکات. ئەو سیناریۆیە لای ئێرانییەکان پەسەندە بەڵام لای ئەمریکییەکان نا، چونکە ئەمریکا لە عێراق لە مەودای هێزەکانییەوە دوورە و توانای جووڵەی ئاسان نییە؛ تەنیا دەبێ پشت بە هێزی ئاسمانی و دەریایی و بۆردوومانکردن لە دوورەوە، ببەستێ.
- ئایا جەنگ لە سووریا و لوبنان و یەمەنەوە دەست پێ دەکات؟ ئەم سیناریۆیە لای ئەمریکا و ئیسرائیل پەسەندە هەر کاتێک کە نیازی جەنگ هەبوو؛ چونکە ئەگەر بقەومێ، گومان لەوەدا نییە کە ئیسرائیلیش دەبێتە لایەن. ئەودەم حزبوڵڵا لە لوبنان زەفەر دێنێ و ئیسرائیل هەراسان دەکات. هەر بۆیە لە هەنگاوی یەکەم، دەبێ مەترسییەکانی سەر ئیسرائیل نەمێنن؛ ئەودەم جەنگ لەگەڵ سەری مارەکە دەست پێ بکات. ئەو زۆنە بەپێچەوانەی عێراقەوە، ئەمریکا و ناتۆ و ئیسرائیل بەئاسانی دەستیان پێی ڕادەگا و سەبارەت بە ئێرانیش دوورەدەست؛ چونکە ئەگەر جەنگ قەوما، یەکەم جار لەگەڵ هێزە پرۆکسییەکانی ئێران دەبێ، واتە لە لوبنان و سووریا و یەمەن. بەڵام ئەوەندەی ئێران بە جەنگ لە دژی حزبوڵڵا هەراسان دەبێ، ئەوەندە بە جەنگ لە دژی حووسییەکان هەراسان نییە. کەواتە سیناریۆی سێیەم لەلایەن ئەمریکا و ناتۆ و ئیسرائیلەوە پەسەندە، بەڵام لەلایەن ئێرانەوە نا.

**که جەنگ قەوما، چ کارەساتێک دەکەوێتەوە؟**

- لەسەر ئاستی جیهان دەبێتە قەیرانێکی نێودەوڵەتی و، دونیا دووچاری شەکەتبوون دەکات و ئاسەوارەکەی هەمووی دەگرێتەوە.
- لەسەر ئاستی لایەنەکانی جەنگ: بۆ نموونە تەنیا لە نیمچەدوورگەی عەرەبی و ئاسیای ناوەڕاست، ئەم دەوڵەتانە تێ دەکەون: ئێران، ئەفغانستان، پاکستان، تورکیا، عێراق، سووریا، لوبنان، ئیسرائیل، ئوردن، سعوودیا، یەمەن، عوممان، ئیمارات، قەتەر، بەحرێن، کوێت؛ ئەمە بێجگە لە وڵاتانی تری عەرەبیی باکووری کیشوەری ئەفریقا و وڵاتانی سەر بە هاوپەیمانیی ناتۆ لە ئەورووپا و هاتنەناوەوەی چین و ڕووسیا.
- خەڵکێکی زۆر دەکوژرێ و کارەسات و خاپوور ڕوو دەدات و قەیرانی ئابووریش دێتە ئاراوە.